# مام جه لال ڕاستی فه‌رموو

هێمن ڕه ئوف
16.09.2005
hemnrauf@hotmail.com

ئه وه ی له کوردستان ناژی ، مه گه ر زۆڵه کوردبێت  ئه گینا هه رکاتێ باسی وڵاته که ی یان شارێکی یان زمانه که ی یان سه رکرده یه ك،به رگوێی ده که وێت له هه رکۆڕوکۆبونه وه یه کدا،یان له تیڤی یان له رادیۆ یان به هه رهۆیه کی تری ڕاگه یاندن بێت،مله قوته یه ك ده کات یان موچه رکه یه ك به گیانی دا دێت ، کاتێك مام جه لال یش به ره و ئه مریکا به ڕێکه وت کوردان له ده ره وه وناوه وه  ی ئه وخاکه داگیر کراوه، چاوه ڕێبوون له و په یامه ی که ئه وسه رکرده یه پێشکه شی ده کات ، له کۆشکی سپی یان له یوئێن  ئه وه بوو چه ند ڕسته یه کی به زمانی کوردی پێشکه ش کرد ،،،، هه ربژیت ،، پێده زانین ،به ڵام یه ك تۆز سه یرێکی داخوازی ونییه تی ئه وگه له بکه که تۆیان نارده ئه وجێگا گرنگه ،ئه و گه له ی که ئه گه ر ده نگی ئه وان نه بوایه هه رگیز نه تده توانی له وێ و به ناویانه وه قسه بکه یت ،ئه ی باشه خۆ هه ر ئه و خه ڵکه بوون له پاڵ ده نگدان به جه نابتان داوای سه ربه خۆییانکرد بۆ کوردستان،،،، وه ئه وانه ی که له ده ره وه ی کوردستاننو ئاواره ن له خاکو ئاوی خۆیان که سو کاری کیمیا باران و      ئه نفالی به د ناوو شه هیدانن،،ئه وا نه له تاو دوبه ره کی و شه ڕی ناوخۆو سوکایه تی کردن به  ئازادی و به ها نه ته وایه تیه کان هه ڵهاتون ، له تاوی برسێتی وئاڵۆزی ژیان وکه م ده رامه تی ئاواره بون،،له کاتێکدا که وڵاته داگیر کراوه که یان ده وڵه مه نده به هه موو به روبومێکی گران به ها،هه ر له نه وت و کانزای سروشتی به رهه می کشتوکاڵی و ئاو و زۆر شتی تر،،نوسه ری ئازاو نیشتیمان په روه ر ئه وکه سه یه که پێنوسه که ی ده مارێکی خوێنی خۆی بێت نوسینه کانی خزمه ت به نه ته وه و نیشتیمانه که ی بکات له ناخ و ده روونی خۆیه وه هه ڵقوڵابێت له کاتی هه ڵه و کاری نا به جێدا ده سه ڵات ڕه خنه باران کات و له  هه ڵوێستێکی جوانو شایسته دا ده ستخۆشی بکات و هانی  ده سه ڵات بدات بۆ خزمه تی زیاترو هه ڵوێستی جوان تربۆیه من به هێرو خانم ده ڵێم،،( شه ره فێکی گه وره و مێژوویی یه به جلی ڕه نگینی کوردییه وه هۆڵه که ت ڕازانده وه له, مێژوو دا جێت ده مێنێ)،،به مامی ماف ناس ونوێنه ری نه ته وه یه کیش ده ڵێم،،(  ئه وه ی ده نوسێت وداوای سه ربه خۆیی ده کات نه سه هووه ونه خه یاڵ ، به ڵکو تینووه به قومێك ئاوی کوردستان که به ئا زادی و له وڵاتێکدا بیخواته وه که ناوی کوردستان بێت ، تامه زرۆیه به مشته خۆڵێکی ئه وخاکه کۆیله یه ی که پێش 2700 ساڵ ده وڵه تێکی تیا ژیاوه که باو و باپیری ئێمه بوون)،،،،یان فه رمایشتی جه نابتانه و هه تا ئێوه خاوه نمان بن , نه ك هه ر خه ونو خه یاڵه و سه هووین، به ڵکو ده بێ ده وڵه تی ماده کان و کۆماری مهاباد له مێژوو دا بسڕینه وه.